سەرۆکی هەرێم فەرمانی بەقەزاکردنی خورماو واژۆ دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە 2024/5/9 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانی هەرێمی بۆ بەقەزاکردنی خورماو واژۆ کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم پاڵپشت بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو و لەبەر ڕۆشناییی داواکاریی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە، بڕیاری دا بە هێنانەکایەی قەزای خورما لە سنووری پارێزگای هەولێر بەجە بە هەمان سنووری ئێستای ناحیەی خورما.

ئەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ئەمڕۆوە جێبەجێ دەکرێت و هەموو ڕێکارە ئیداریەکان بۆ ئەم مەبەستە دەستپێدەکەن. بەقەزاکردی خورما دەبێتە هۆی باشتربوونی ڕەوشی ناوچەکە لەڕووی خزمەتگوزاری و کارگێڕییەوە و خزمەتی زیاتر بە خەڵك و هاووڵاتییانی دەکات.